**سەیرنییە-ئاڵۆزە**

پەنجێرەی سیمام ئاونگ پڕژە
خەزەڵوەر گۆنام، گوێم، شووڵکاری دەکا
شاڵگەردن و کڵاو مل و سەرم دەپۆشێ
هاڵاوی هەناسم پەنجەم گەرم دەکاتەوە
لە قووڵایی هۆشمدا:
لە دوندی قەندیل و هەڵمژینی هەوای کوێستاندا
گرمەی ناسیاوی کولەئاسنینە و هەڵمژینی باڕووتە
لەشم لەوپەڕی دنیایە- گیانم لە کەرکووکە

کوندی ئامێزی دارستان هێلانەی وێرانە یە
هەڵۆی بەرزەنشین جێگای چاڵاوی نەوت نەبوو
کۆچەر بیر لە گۆڕینەوەی دۆلار دەکاتەوە

گەمەی ڕامیاری کوێخای گەورەدێ،
لە سەرزەوی گڕی نەوت و خوێندا
مەیدانی مێشکمانی مینڕێژ کردووە.

بازیگەری ئەم قۆناخەش،
لاسایی باب و باپیری کردەوە.

له موکریان دەڵێن«سواری کورد ناوەستان»

پوورم دەیگوت«یەکبوون و هەرەوەز نەبێ، دۆڕاوین»

پوورم دایەنی و لەلەی«نیچە» بوو!

ڕەحمان سۆفی

٢٠ـ ١٠ ـ٢٠١٧